Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

No: [illegible]
Date:

ژمارە:
بەروار: 2013/5/21

(١٥١٥ — ٢٠١٣/٥/٢)

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

بابەت /پرۆژە یاسا

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیار دەکەین کەوا پرۆژەی پێشنیار کراوی یاسای(دیاری کردنی نوێنەر لە گەرەك و گوندەکان)پێش کەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆ کردن لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو.

لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەندامانی واژووکردووی پێشنیاری یاساکە:

١- د. صباح محمد نجیب برزنجی
٢- [illegible]
٣- بلال سلیمان
٤- سەرگول رضا حسن
٥- ناسك توفیق عبدالكريم
٦- بیان احمد حسن
٧- هاوبژ شیخ احمد
٨- كارمن هیرداد
٩- [illegible]
١٠- خازل حسن اسماعیل
١١- یوهان رشید حسن

ئەمە لە بنەمای دیاری کردنی مختار کە وزارەتی ناوخۆ ... کردووە باشترە بەلام تکلیف قانونی بکریت لەگەل مختاردا چونکە یاساکان دانیان بە مختاردا ناوە

## پرۆژە یاسای دیاری کردنی نوێنەر لە گەرەك و گوندەکان

**مادەی یەکەم :**

١- هەرێم : هەرێمی کوردستانی / عێراق

٢- وەزارەت – وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم

٣- نوێنەر: نوێنەری هەڵبژێردراوی دانیشتوانی گوندێك یان گەرەکێکە لە پێناو دروست کردنی هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم.

**مادەی دووهەم : مەرجەکانی بوون بە نوێنەر :**

١- شایەنی ئەو کارە بێت لە رووی لێهاتوویی جەستەیی و زمان پاراوی .

٢- تەمەنی نوێنەر ٣٠سالٚ کەمتر نەبێ لە ٥٠ سالیش زیاتر نەبێت.

٣- نابێ لە هیچ فەرمانگەو هێزێکی سەربازی پۆلیسی و کۆمپانیایەکی فەرمی کار بکات .

٤- خاوەن کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی بێت .

٥- لەسەر دەمی رژێم کاری موختاری نە کرد بێت.

٦- بروانامەی سەرەتایی هەبێت.

٧- نوێنەر لانی کەم هەشت ساڵ بێت لەو شوێنەنیشتە جێ بێت.

٩- هەلگری ڕەگەزنامەی عیراقی بێت.

١٠- خیزاندار بێت.

١١- تاوانبارنەکرا بێت یان حوکم نەدرا بێت بەکەتن یان تاوان ( جنحە یان جریمە).

١٢-لەسەردەمی رژیمی بەعس بەشداری لەتاوانەکانی دژ بەگەلی کوردستان نەکرد بێت.

**مادەی سێیەم :**

**شێوازی هەڵبژاردنی نوێنەر :**

١- بۆ ماوەی ٢٠ رۆژ دەرگای خۆپالأوتن بکرێتەوە و ژمارەی دەنگدەرانیش دیاری بکرێت بۆ رێگری کردن لە ساختەکاری .

٢- هەڵبژاردن بە شێوازی نهێنی راستەخۆ بەرێوە بچێت.

٣- هەر گوندێك یان گەرەك بەنوێنەرایەتی یەکەی ئیداری و نوێنەری رێکخراوە مەدەنیەکان و دادوەرێك راستەو خۆ بە هەڵبژاردنی نوێنەر دیاری بکرێت.

٤- ئەنجامی دەنگەکان بە شەفافی و راستەوخۆ دوای دەنگدان رابگەینەرێت .

٥- نوێنەرایەتی کردن  کە هەڵبژێردرا چوار ساڵە، بۆی هەیە بۆ جاری دووەم خۆی کاندید بکاتەوە.

٦- ئەگەر ماوەی کارەکە تەواوبوو ئەوا لیژنەیەکی تایبەت پێك بێت بەرەزامەندی خەڵکی گوند یان گەرەك بۆ نوێنەرایەتی و رای کردنی کاری هاوڵاتیان تا ئەو کاتەی نوێنەری نویٚ هەڵدەبژێردرێت.

٧- دەبیٚ راستەوخۆ دوای دەنگ دان ئەو لیژنەیەی سەرپەرشتی دەنگدانەکە دەکات ناوی پاڵیوراوی دەرچووڕابگەیەنێت .

٨-هەڵاوێرکردنی دەنگەکان دەبیٚ بە ئامادەبوونی سەرجەم پاڵیوراوەکان بیٚ و بە ئاشکرا دەنگەکان لە یەکتری جیا بکەنەوە .

٩- نوێنەری بۆی هەیە بۆ ماوەی سیٚ رۆژ  دوای دەنگ دان تانە لە ئەنجامی دەنگدانەکە بدات .

**مادەی چوارهەم: ئەرکەکانی نوێنەر:**

١-  گەیاندنی گرفتەکانی هاولاتیان بەحکومەت لە کاتی تێك چونی تۆرەکانی ئاو کارەبا، نەبونی قوتابخانەوە باخچەو یان هەرشتیٚ هاولاتی بە گرفتی بزانیٚ کار بۆ بەدواداچونی بکات لایەنی پەیوەندی داری لیٚ ئاگادار بکاتەوە.

٢- ئاگادار کردنەوەی یەکە ئیداریەکان  لە کاتی کەمتەرخەمی فەرمانگەکان .

٣- هەواڵ دان بە لایەنی پەیوەندی دارلە کاتی بلاّو بوونەوەی نەخۆشی و کارەساتی سروشتی

٤-  ریکخستنی پشتگیری نوسین بۆ هاولاتیانی گەرەك وگوند بۆ  کاروباری پەیوەندار.

٥- ئاگادار کردنەوەی حکومەت لە گرفتە کشتو کاڵیەکان  ومەترسیەکانی سەر کشتوکاڵ  لەپیناو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان.

٦- تۆماری ژمارەی دانیشتوانی ئەوشوینەی لەلابیت بەناونیشانی تەواو و ە تۆماری نوی ئەنجام بدات بۆ خیزانە بیانیەکان  یان ئاوارە یان ئەو خیزانانەی بەیەکجاری نیشتەجی دەبن یان کۆچ دەکەن.

**مادەی پێنجەم :**

**ئەرکەکانی نوینەر:**

١- نوێنەر هاوکاری مانگانە بکرێت لەلایەن یەکەی ئیداریەوە بە بری ٣٥٠ هەزار دینار شێوەی موکافەئە نەك مووچەی فەرمی .

٢- نوێنەری  گوندو شار هیچ جیاوازیەکیان نیە.

٣- نوێنەر لە کاتی بەدواداچونی بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی داواکاریەکانی گوندوگەرەك وەك فەرمانبەرێك بەنوێنەرایەتی خەڵك سەردانی فەرمانگەکان دەکات.

٤- هەموو نوێنەرەکان مۆریان دەبێت بەو نموونەیەی کە یەکەی ئیداری دیاری دەکات، بەشێوەیەك ، نوێنەر بەرپرسە لەسەر پاراستن و بەکارنەهێنانی بۆ کاری تایبەت.

٥- نوێنەر بۆی نیە هیچ برە پارەیەك وەربگرێت بەرامبەر هەر پشتگیریەك کە دەری دەکات.

٦- نوێنەر هەر کارێکی ئەنجامدا بەناوی خەڵك بۆ بەرژەوەندی کەسی و سودمەندبوونی تاکەکەسی بەکارهینا لە سەرحسابی گشتی ئەوا توشی سزای یاسایی بێتەوە .

٧- کاری نوێنەر ئارەزوومەندانەیەو لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت.

مادەی شەشەم :

لادانی نوینەر:

١- ئەگەر کۆچی دوایی کرد یان تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بوو یان ماوەکەی تەواو بوو.

٢- ئەگەر نوێنەر بێ ڕەزامەندی گوند یان گەڕەك کارێکی کرد لە خزمەتی گوند و گەڕەکەکەی دا نەبێت.

٣- دەست لەکارکێشانەوەی کرد بە ئارەزوومەندانە.

٤- دەبێت سەرۆکی یەکەی ئیداری بریاری دەست لەکار کێشانەوەی پەسەند دەکات.

٥- کەمتەرخەمی کرد لە بەدواداچونی بۆ گرفت و داواکاریەکانی دانیشتوانی سنورەکەی.

٦- ئەگەر زیاتر لە نیوە دانیشتوانی گوند یان گەرەك دوای یەك ساڵ لە کارکردن نارازی بوون ئیمزایان کۆکردەوە گەیاندیانە دەسەت سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆلادانی .

٧- زانیاری نادروست و ناراستی دا بە یەکە ئیداریەکان.

٨- ناچار بەدەست لەکار بکێشێتەوە دەکرێت لە لایەن سەرۆکی یەکەی ئیداری تایبەتمەند لەو دوو حالەتەدا:

أ- لەسەر داواکاری ئەنجومەنی یەکە ئیداریەکە و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی، ئەگەر مانەوەی لە کارەکەی زیان بگەیەنێت بە بەرژەوەندی گشتی بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی ئیداری بۆ ئەو مەبەستە..

ب- حوکم بدرێت لە بەر تاوان کردن یان تاوانی بەدڕەوشتی.

مادەی حەوتەم :چوارچیوەی چەسپاندنی یاسا

١-هەموو گوندو گەرە كێك لە سنوری شارەوانی دەبێ نوێنەرێکیان هەبیت.

٢- گەرەك یان گوندە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر دەبێ ژمارەی دانیشتوانی لە ٥٠٠ کەس کەمتر نەبێت.

٣- ئەگەر لەو رێژەیە کەمتر بوو ئەوا حکومەت راستەو خۆ لەلایەن ئەنجومەنی ناحیە بێ هەڵبژاردن نوێنەر دیاری دەکات .

مادەی هەشتەم:

لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە کە رینمایی دەربکات بۆ ئاسانکاری کردن لە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەدا .

**مادەی نۆیەم:**

لەسەرهەموولایەنە پەیوەندارەکانە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

کار بەهیچ بڕیار ویاسایەك ناکرێت دەقەکانی پێچەوانەی ئەم یاسایە بن.

**ماددەی یانزەم:**

ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت لەرۆژی دەرچوینەوە لەرۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان.

**هۆکاری دەرچوون :**

لەپێناو دروست کردنی کەشێکی دیموکراسی لەژیانی هاوڵاتیان ورێکخستنی کاروباریان ودروست کردنی پردی پە یوەندی نێوان هاووڵاتیان ودەزگا پەیوەندارەکان لەڕێگەی نوێنەر وکارئاسانی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزرایەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا .